**گفت و گۆ دەگەڵ تاقەپزیشکی دەرمانکردنی زامدارانی شیمیایی لە کیمیابارانەکەی  سەردەشت دا**



## ***من مامەوە***

ئەنجامدانی : بەنەفشە سام گیس
وەرگێڕ بۆ کوردی: ڕێناس  جاف

لە شەڕەکەی ئێران و ئێراقدا،گەلێ کەسان فەوتان و زۆر کەسانیش "مانەوە". ئەوانەی مانەوە "دواتر دەفتەری بیرەوەرییەکانیان بۆ ئەرشیڤی " هە نگاوەکانی جێ بەجێ کراو"، نێردرا هە تا "تۆمار" بکرێن.
یەک لەوانەی مایەوە ، "دوکتۆر حەسەنی سەقەت فرۆش" بوو.
بژیشکێ لاو لە سالانی 1365 و 1366 هە تاوی ،کە ئەمرۆکە پسپۆڕی دڵە و ئەو سەردەمە لە بەرگی بژیشکێکی سەروازدا بوو.
ئەو دەمەی شاری سەردەشت،وەبەر کیمیاباران کەوت، ئەو بژیشکە گەنجە تەمەن 29 ساڵانە، لەو شارەدا مژولی خزمەت بوو.
تاقە بژیشکی پسپۆڕ و شارەزا لە دەرمانکردنی زامدارانی شیمیایی نێو شار بوو. رۆژی 7 پووشپەڕی ساڵی 1384 هە تاوی، پاشی 18 ساڵان لە کۆتایی شەڕ،  "سەقەت فرۆش"، لە ساڵوەگەڕی کیمیابارانەکەی سەردەشت دا گەڕایەوە ئەو شارە.
لە حاڵێک دا بیرەوەری دواسالانی مانەوەی ،بەدەم مایکرۆفۆنی زەفتەکەیەوە، بە دەنگی بەرز، وەبیر دێنێتەوە و لە شارێک ئەدوێ،ئەمرۆکە سەرلەنوێ،دروس کراوەتەوە، بەڵام خەڵکەکەی وەک ڕابردوو دڵشکاوە.
"سەقەت فرۆش" بە شەقامەکانی شارێک دا گوزەر دەکات کە لاوانی شار

نەیاندەناسی و وەک نائاشنایێک سەیریان دەکرد.
مینا ڕێبوارێک کە بۆ کڕینی شت و مەک،ڕێی کەوتبێتە شارەکەیان کەچی ئەو بە شەقامەکانی شاردا بە دوای هۆڵی تۆپی باڵەکەی شاردا دەگەڕا کە 18 ساڵ لەمەوبەر،شوێنی دەرمانکردنی نەخۆشان بوو، ئەو شوێنەی لە پشتەوەی فەرمانداری شار بە نێزیکەی 70 تەختەوە...
*********************************************************************

پ: 18 ساڵ لەومەوبەر،ئەو دەمەی سەردەشت کیمیاباران کرا،ئەتۆ تاقە بژیشکی پسپۆڕ لە دەرمانکردنی زامدارانی شیمیایی لە نێو شاردا بووی، دەکرێ بڵێی ڕەوشی ئەو دەمی شار چلۆن بوو و لەبەرچی ئەتۆ بۆ ئەو شارە بەڕێ کرایت؟

و: من مانگێ بەر لە بۆردمان، وەک بژیشکی شیمیایی نێردرام بۆ ئەو ناوە. بۆ خۆم داوام کردبوو لە نەخۆشخانەی "بەقیەتولا" ی تارانەوە، بمنێرن بۆ ناوچەی ڕۆژاوای ئێران، لە بیرمە سەرەتا نەیارێتی دەگەڵ ئەو داواکارییەم کرا، بەڵام من لای خۆم هە ندێ بەڵگەم هێنایەوە بۆیە ئاخرییەکەی ڕازیم کردن و هاتمە ئێرە. ئەرچی شار حەشیمەتێکی فرەی نەبوو، لێ بۆ بەرەنگاربوونەوە، هیچ ئامادە نەبوو.
چونکە ئینتزاری ئەوە نەدەکرا شار و ناوچەکانی مەدەنی، وەبەر کیمیاباران بکەون. ئێمە لە شوێنێ بە نێوی " هە وار سێمان"*،هە ڵکەوتە لە 15 کیلۆمەتری سەردەشت دا ،کەرەستە و کەل و پەلی شیمیاییمان دانابوو کە بریتیبوو لە دەوا ودەرمانی شیمیایی، کەیتی ناسکردنی نەخۆشی شیمیایی، گەرماوی سارایی و ئۆرژانسی بژیشکی شیمیایی.
کەل و پەلەکە هە مووی لەوێ بوو، هە تا لە کاتی کیمیاباران دا،زامداران گورجێ بچنە گەرماوەکە بەشکو لەو ڕێگەوە پێش بە ئالوودەبوونی زێتر بگیردرێ و پاشانیش خێرا ئەنژیۆکێت و سێرۆمی تیۆسۆلفاتی سێدیۆیم یان بۆ وەسڵ بکرێ.
لە نێو شاریشدا هۆڵی تۆپی باڵەکەی ئەوێندەرێ ،لە پشتەوەی فەرمانداری وەک شوێنێ بۆ زامداران(دەرمانگە) ،بە نێزیکەی 70 تەختەوە ئامادە کرابوو.
پ : ئاماژەت بەوە دا ئینتیزار نەدەکرا شار کیمیاباران بکرێ، سەردەم ،سەردەمی شەڕ بوو،سەردەشتیش شارێکی سەر سنوور بوو کە ئەو ئەگەرە لە ئارادا بوو تەنانەت ناوچەکانی مەدەنیش کیمیاباران بکرێن؟
و : ڕاستە، سەردەشت هە موو ڕۆژێ وەبەر بۆردمان دەکەوت،چونکە هە ر فرۆکەیێک کە دەهاتە نێو ئاسمانی ئێران، لە کاتی گەڕانەوەدا چی بۆمبی زێدەی پێ دەما، دەیخست بەر شاردا و ئەمە ڕەوشێکی ئاسایی بە خۆوە گرتبوو بەڵام بە ڕاستی ئینتیزاری کیمیاباران نەدەکرا.

پ : ئەتۆ لە ڕۆژانی پاش کیمیاباران، لە سەردەشت دا چیت دەکرد؟
و : بەیانان مژولی کاری ڕاهێنان و فێرکاری بووم، پاش نیوەڕۆانیش دەگەڵ هاوکارانی بژیشک دا سەرقاڵی دەرمانکردنی زامدار و نەخۆشانی ئاسایی دەبووین. بەڵام ڕۆژی بۆردمانەکە، نزیکەی کاتژمێر 4 دەمەو ئێوارە، من لەسەر تەختێ ڕاکشابووم، لە پڕێک زرمە و دەنگی تەقینەوە ێیک بەرگوێ کەوت،سەرەتا دەنگەکە ئەوەند کپ بوو وامانزانی دەرەوەی شاری پێکاوە. ئامبولانسێک لە ژێر دەسمدا بوو، بە سوار ترۆمبیلەوە دامان بە وەر دوکانی ڕەنگ فرۆشییەک دا کە بۆمبێکی تێکەوتبوو. لامان وابوو پەلاشە وە دوکانەکە کەوتووە، قەت بیرم بۆ لای کیمیاباران نەدەچوو.
خۆم گەیاندە نەخۆشخانەی شار، دیتم لەوێ باس باسی بۆردمانی شیمیاییە. بە داخەوە کەل و پەلەکەمان هەمووی لە "هە وار سێمان" دانابوو. خێرا گەڕامەوە شوێنی دانیشتنەکەم (دەرمانگە)،دوو سەروازی پاسەوانی بەردەم فەرمانداریم بەرچاو کەوت کە خەواڵوویان دەنواند و زۆر حەپەسا بوون. ئەوانم سوار کرد و بردنم بۆ شوێنێ زامداران لەوێ بوون.
هە تا چووم و جل و بەرگی دژە شیمیاییم دەبەر کرد، دیتم جەستەی دوو سەروازەکە پڕ بووە لە بلۆق. تازە ئەودەم بوو زانیم ناوچە وەبەر گازی خەردەلی شیمیایی کەوتووە. چونکە هە تا بەو دەمە دڵنیا نەبووین گازی خەردەل دەکار هێنراوە. خێرا بە سەروازەکانم وت خەڵکی شار ئاگادار بکەنەوە کە شار کیمیاباران کراوە. ئەو دەم نزیکەی 20 دەققە بەسەر بۆردمانەکەدا تێپەڕیبوو.
پ : باشە پاش بۆردمانی شیمیایی، چەندە دەرفەت هەیە هەتا شار بە تەواوی داگرێ یان خەڵک بتوانن خۆ ڕزگار بکەن؟
و : سەبارەت بە گازی خەردەل هەتا کاتێ کە بۆمبەکە پووچەڵ نەکرێتەوە شوێنهاتەکەی لە ناوچەکەدا دەمێنێتەوە.
من نەخۆشێکم هەبوو هەتا 40 ڕۆژان پاش بۆردمانەکە، ساق وسەلیم بوو، بەڵام ڕۆژی چلەم کە گەڕابووەوە ماڵ و جل و بەرگەکەی ڕۆژی هەوەڵی بۆردمانەکەی شۆردبوو، فرەی پێ نەچوو، تووش بوو. بەداخەوە گازی خەردەل ،گازێکی قورس و کوشندەیە و شوێنهاتەکەی هەتا ماوەێیکی فرە دەمێنێتەوە و زیانی زۆریش بە مرۆڤ دەگەیینێ.
پ : ئەتۆ لەکاتی کاردا ، تووشی شیمیایی بوویت،چلۆن گیرۆدە بووی؟
و : من جل و بەرگی تایبەتم دەبەر کردبوو، زۆرم ئارەق کردبوو، هەروەها پیس حەپەسابووم. هەوای ژووریش تەواو گەرم و کوشندە بوو.
نزیکەی کاتژمێر 11:30 ی شەو،کچێکی تەمەن پێنج ساڵانیان هێنایە لام. دیتنەوەی ڕەگ وشا دەماری وا منداڵێک کارێکی چەتوون و پڕ زەحمەت بوو،

بەڵام دەبوا ئەوەی لە دەستم دێ، بۆی ئەنجام بدەم. من ماسکم بە دەم و چاوەوە بوو نە وەک لە ڕێی هەناسەوە تووش بم. بەڵام بەو ماسەکەوە کارکردن گەلێ زەحمەت بوو و ڕەگی کچەم بۆ نەدەدۆزرایەوە.
بۆ ساتێ ماسەکەکەم لابرد و دەرزییەکەم لە کچە دا. نزیکەی 10 دەققەی پێ چوو کە دیتم هەست بە خورانی جەستە و ڕشانەوە دەکەم.
ئیدی تووش بووم.منیان گەیاندە نەخۆشخانە. خۆم کرد بە گەرماودا و سێرۆمی سۆلفاتی سێدیۆمیان بۆ هەڵخستم کەچی لە هەمان ساتدا چاویشم پیس دەخورا. نزیکەی کاتژمێر، یەکی نیوەشەو بوو،بە ترۆمبیل بەڕێیان کردم بۆ مەهاباد،کە گەیشتینە نەخۆشخانەی مەهاباد، نەیانهێشت بچینە ژوورێ،پیس ترسابوون.
خۆمم پێ ناساندن و وتم تەنیا گەرەکمە حەمامێکم بکەم، بەرپرسی ئەوبەشەی نەخۆشخانە وتی گەر ئەتۆ وەرگرم، کەسانی دیکەش بە شوێن تۆدا دەنێرن. ئەوم دڵنیا کردەوە کە تەنانەت لە باری دەرمانیشەوە دەتتوانم یارمەتییان بدەم. ئاخرییەکەی سەرۆکی نەخۆشخانە، ئیزنی دامێ حە مامێک بکەم. پاشان نێردرام بۆ ورمێ، سێ ڕۆژان لە نەخۆشخانەی ورمێ مامەوە، بۆ ڕۆژی چوارەم ،گەڕامەوە سەردەشت.
پ : چوار ڕۆژان بە سەر بۆردمان دا تێپەڕیبوو، حاڵی زامداران و ڕەوشی شار چ تۆفیرێکی دەگەڵ ڕۆژی هەوەڵ هەبوو؟
و : من لە خەڵکی شارم بیست کە زێترین زیان لە بەر نائاگایی ،لە خەڵکەکە کەوتبوو. یەک لە زامداران بۆمی ئەگێڕایەوە 10 جاران سەری شوێنی تەقینەوەی بۆمبەکەی داوە.
یەکێکی تر ئەیوت چونکە پێشتر بیستبووی گوایە لە کاتی بۆردمانی شیمیایی دا دەبێ خاولییەکی(هەوڵە) تەڕت پێ بێ، هەرکە ئاگادار ببوو شار شیمیایی کراوە، کە گەڕابووەوە ماڵ، یەک ڕاس چوو بوو خۆی چەقاندبوو بە نێو حەوزەکەی ماڵەکەیاندا. لە حاڵێکدا ئاوی حەوزەکە تەواو ئالوودە ببوو.
پ : ڕەخنەیێکی سەر کاربەدەستانی سەربازی ئێران لە ساڵانی دواتردا ئەوە بوو لەبەر چی گوێیان بە فێرکاری بۆ خەڵکی وەبەر شیمیایی کەوتووی ئەو ناوە نەدابوو؟
و : بڕوام نییە کاربەدەستان لە بۆردمانی شیمیایی ناوچە ئاگادار بوون، هەموو شارەکانی ئەو ناوە ،بانە، خانێ، سەردەشت، میراوا و ... سنووری هاوبەشیان دەگەڵ ئێراق هەبوو.
پ : پێت وا نییە کاربەدەستانی سەربازی ، فێرکاری هێزی سەربازییان بەلاوە گرینگتر لە خەڵک بوو؟

و : ئاگام لە فێرکاری هێزی سەربازی نییە. لە ڕاستیدا تەنیا ئەو هێزانەی دەگەڵ ئێمە بوون، بۆ ئەو کارە فێرکرا بوون. وەک نێرس، فریاکەوان و کاربەدەستانی بەشی بێهداشتی هێزەکانی سەربازی. ڕاستیت گەرەکە ئێمە قەت بیرمان بۆلای بۆردمانی شیمیایی شوێنە مەدەنییەکان نەدەچوو. من ئەرچی چاک شارەزاش بووم بەڵام تووش بووم، جا چار چبوو؟ بە ڕاستی بڕیاردان لە وا دۆخێکی قەیرانی دا کارێکی پڕ زەحمەت بوو.
یان دەبوا ئەویمان بە جێهێشتبا یاخۆ لەوێ مابایەنەوە.

پ : پاش گەڕانەوەت لە سەردەشت، مژولی چ کارێک بووی؟

و : من گەلاوێژ گەڕامەوە ورمێ. پاشی تەواوکردنی خزمەتی سەروازی، لە تاقیکاری ڕیزیدێنتی بەشداریم کرد،هە رهەمان مانگ خەوەریان دامێ، لەو تاقیکارییەدا دەرچووم. بۆیە ڕەشەمەی ساڵی 1366 هەتاوی بۆ وەپشت سەرنانی خوێندنی پسپۆری هاتمە تاران.لە زانکۆ تاران بڕوانامەی پسپۆڕێتی دڵم وەرگرت و جارێکی دی گەڕامەوە ورمێ.

پ : شاری هەڵەبجە،چەن مانگان پاش سەردەشت ، لەدواڕۆژانی کۆتایی شەڕەکەی ئێراق-ئێراندا کیمیاباران کرا، ئەتۆ وەک بژیشکێک ئایا حازر بووی بچییە خاکی ئێراق و خزمەتی زامدارانی هەڵەبجەیی بکەی؟

و : خۆ لێرەش زامداری ئێراقییان دێنایە لام. ئێمە بژیشک بووین و دەبوا کاری خۆ بکەین . دیارە کە دەچووم. گەر پێشنیازیان کردبا، دەچووم.

پ : ئەو دەمەی لە سەردەشت دا بووی، هەستت بە واژەی "قەیران" دەکرد؟

و : دیارە، چونکە ئینتیزاری ئەو کارەساتەم نەدەکرد، ئەو دەم بوو زانیم قەیران چییە.

پ : ئەی بۆ شارت بە جێ نەهێشت؟

و : بۆ ساتێ بە زەینمدا هات. کەچی کاتێ بە ڕاسەری کچەی تەمەن پێنج ساڵانەوە بووم، ئەوەم لە مێشک دەرچوو. یان دەبوا شار بە جێ بێڵم یان بمێنمەوە.

پ : گەر چووبایت، چ دەبوو؟

و : هەتا دەمام، تووشی ئازاری ڕۆحی دەبووم.

پ : لە زانستی بژیشکی دا نەفرەت و بێزاری هەیە،لانیکەم بۆ ئەتۆ کە زۆر نەخۆشی ئێراقیت وەک هاو وڵاتی خۆ، دەرمان دەکرد،بەڵام کاتێ ئەوکچە تەمەن پێنج ساڵانە یان هێنایە لات،یان ئەو دەمەی بۆ خۆ شیمیایی بووی، ئایا وا هەستێکت نەکەوتبووە دڵەوە؟

و : نەفرەت لە چی؟ بە لای منەوە نەخۆش سەر بە هەچ نەتەوە و ڕەگەزێک بێت،لام تۆفیر ناکات.لای هیچ بژیشکێ گەر نێوی بژیشک بێ...

پ : ئەتۆ پاشی 18 ساڵان گەڕایتەوە سەردەشت،ئایا شوێنێ هەبوو بیرەوەرییە تاڵەکانت وەبیر بێنێتەوە؟ هەستت بەرامبەر بە هەڵمژینی هەوای ئەو شارە شەرلێدراوە کە چارەنووسی ئەتۆش بەینێ هەمان چارەنووسی خەڵکی شار بوو، چییە؟
و : ئەوەی لە سەر زەینم ماوەتەوە، تاڵترین بیرەوەرییینە. گەر شیمیایی نەبوایەم دڵنیام دەمتوانی خزمەتی فرەتری زامدارانی شیمیایی بکەم.

*******************************************************************

پەیڤێک : چەن بەشێکی کورتی ئەم گفت و گۆیە کە پێوەندی بەم شارە و کوردەوە نەبوو، لێی قرتێندراوە.

ژێدەر : ڕۆژنامەی شەرق،هەینی 18 خەرمانانی 1384 هەتاوی

* هەوار سێمان: یان هەمان هەوار سولەیمانە کە لای خەڵکی ئەو ناوە بە هەمان شێوە لە سەر زارانە.